# دوو كاری شەرمئامێز

**كاروان حمەلاو**

لەكاتێكدا هەموو عێراقیەكان بەكوردو عەرەب و كەمە نەتەوەكانی تریشەوە بەهەموو حیزب و ڕێكخراوە جۆربەجۆرەكانەوە بەكاروبەرنامەی داهاتوی عێرافەوە سەرقالن بەڵام شیعەكان لە غەمی ئەوەدابون چۆن یادی عاشورا بكەنەوە

من لەگەل ئەوەدام هەموو نەتەوەو ئایینێك یادی جۆربەجۆری خۆیان بكەنەوە بەڵام لەگەل لەخۆدان و خۆخێناوی كردندا نیم چونكە ئەو كارە لەشارستانیەت و سكولاریزم بەدەرە.

مەسیحیەكانی هەموو جیهان سالی دوو جار لە كرستمس و ئیستەردا مۆم دائەگیرسێنن و كارت ودیاری خۆشەویستی ئەگۆڕنەوە. بەڵام شیعەكان لەباتی مۆم و كارت و دیاری لە گەرمەی سنگ و پشت كوتانن بە زنجیرو كوتە ئاسنەی جۆراوجۆر.

قەبیلە ئەفریقیەكان كە تا ئێستاش زۆرێكیان دیاردەی شارستانیەتیان وەكو ئاوو كارەبا پێنەگەشتوە ئەوە ناكەن. بەلكو لەیادو بۆنە جیا جیاكانیاندا تەپل لێئەیەن و ئاگر ئەكەنەوەو بە چواردەور ئاگرەكەدا گۆرانی ئەلێن و سەمای خۆشی ئەكەن.

بەڵام شیعەكان بەتۆپەل كۆئەبنەوەو گرەوی ئەوەئەكەن كامیان خوێنی زیاتر لەخۆی بێنێت یان كامیان زرمەو گرمەی زیاترو قایمتر لەسنگ و پشتی هەلسێنێت.

لەم كارە شەرمئامێزتر هەلوێستی هەردوو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق و ئێرانە لەبەرامبەر موجاهیدینی خەلق. كەمرۆڤ شەرم ئەیگرێ كاتێك كەباسی ئەفكارو مێژوو پرنسیپی ئەمانە ئەكات.

سەرلێشێوانێكی تەواوو هەلەیەكی گەورەیە كەئەو دوو حیزبە دیفاع لەو كۆنە سەددامیانە ئەكەن.

ئەوەندە بەسە كەبلێین لەڕاپەڕینی بەهاری ٩١دا چەندەها كەس لەسلێمانی و بەعقوبەو دیالە بەگوللەی ئەمانە كەوتنە سەر عەرز. . . مەرج نیە هەرچی كۆرشی مودەڕیسی ووتی هەموی ڕاست بێت ءلەوە هەلەتر ئەوەیە هەلەكەی ئەودوبارە بكرێتەوە. بەڕای من هەروەكو ئاساییە دوو حیزبی یەك بەرنامە بن ءهەروەها ئاساییشە دوو حیزبی هەلوێست جیاواز بن. گەرچی من ئاگادارم هەندێك لە ئەندامانی حككع لەگەل لێدانی عێراقدا بوون لەلایەن ئەمەریكاوە. .

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.